ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و ئەمینداری گشتی پرۆژەی نیشتمانی عێراق کۆبوونەوە

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و ئەمینداری گشتی پرۆژەی نیشتمانی عێراق کۆبوونەوە.

ئەمڕۆ سەشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023) سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەیاوەری شاندێکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و سەرکردایەتی حیزبێکە پێشوازی لە جەمال ئەلزاری ئەمینداری گشتی پرۆژەی نیشتمانی عێراقی و شاندێکی یاوەری کرد".

بەپێی نوسینگەی راگەیاندنی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، لە دیدارەکەدا بارودۆخی ناوخۆی عێراق و گەلانکاریەکانی ئەم دوایەی ناوچەکە گفتوگۆی لەسەر کرا، هەروەها هەردوولا خوێندنەوەی پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێکرد و ئەم دیدار و پێوەندیانەیان بە پەویست زانی بە دروستکردنی پردی تەبایی و ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکە.